# ئیسلام و مانگی دەسکرد

سیروان ئەمین
22.04.2005

بەپێ ی هەواڵیکی سایتی ئیلاف کە ڕۆژی پێنج شەمە 21 ی نیسان بڵاو کرایەوە گوایە لە کۆتایی ئەمساڵدا مانگی دەسکردی ئیسلامی دەچێتە ئاسمان ، ئەم مانگە بای 8 ملیۆن دۆلارەرو ئیتالیا دروستی کردوە هەر وەها خەرجی ئەم پارەیە لە لایەن هەر یەک لە عەرەبستانی سعودی ، ئیماراتعرەبی ، میسرەوە دابین کراوە . عەرەبی ،ولاتی بەحرەین وە زۆرێک دڵیان خۆشە کە ولاتانی عەرەب و ئیسلامیش دەبنە خاوەن مانگی دەسکردی خۆیان و بەم کارە یان دەچنە یانەی ئەو ولاتانەی کە لە خانەی تەکنۆلۆژیادان ، شایانی باسە تەنها ئەو ولاتە ئیسلامیانەی کە عەرەب زمانن و لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەژین ژمارەیان 23 ولاتەو نزیکەی 300 ملیۆن خەڵکی لێ دەژی ، ئەو سامانی سروشتیانەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە چەند جار زیاترە لە هەموو ئەو سامانە کە لە ، هەموو ئەورووپادا هەیە بەلام چونکە لەم ولاتانە لەمێژەوە ئیسلام دەسەلات دارەو ولاتەکان بە پێ ی قانونی شەریعەت یان سەرچاوەی دەسەلات لە دینەوە وەردەگرن تا ئێستا خەبەرێکیان لە گەشەی تەکنۆلۆجیا نیە و توانای دروستکردنی موشەکێکیان نیە ئەوەتا سەرەڕایی هەموو ئەو سامانە کە چی ئیتالیا دێت ئەوکارەیان بۆ دەکات، یابانیش بە تەنها خۆی 30 مانگی دەسکردی لە ئاسمانە نە ک هەر ئەمش بگرە تا کۆتای هەفتاکانیش کە خەڵک کەمتر ئاگاداری تەکنۆلۆجیا بوون کەمتر ئامێری پەیوەندی گرتن نەبوون مەلاکان و نوێنەرانی ئاین بەگژی هەرکەسێکدا دەچوون ئەگەر کەسێ باسی لە چونەسەرەوەی سەر مانگ بکردایە ، وە دەیانووت ئەوە کاری خوایەو دەسکاری ناکرێت و درۆیە ە دیعایەی شیوعیەکانە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی دەکەن . تەنانەت تا ئێستاش کە داهێنانێکی زانستی لە چەشنی فۆتۆ کۆپی یان دەسکاری جینات دەکرێت و دەزانن کە لە کۆتایی عومریان نزیک دەکاتەوە دەیکەن بە هەلاو تەکفیری دەکەن بەلام کە دەبێتە واقع ئەوکات لە ولاتێک کە خۆیان بەکافرو گاوری لەقەڵەمی دەدەن دەس دەکەن بە پاڕانەوە و بە پارەیەکی گران هەتا ئامیریکیان بۆ دروست بکەن .

هەواڵەکان هەر ئەمرۆش ئەمڕۆ ئەوەشیان ڕاگەیاند ئەسپێک کە ئەصلی عەرەبیە لە ئیتالیا کۆپی کراوە کە ئەوە دووەم دانەیە ، کێ دەڵێ کە 10 ساڵی تر ئیسلامیەکانی ولاتانی عەرەب داواناکەن کە ئەو شتەی وا ئەمرۆ بە بدعەو کوفر لە قەڵەمئ دەدەن تەسلیمی ئەو واقعە تاڵە نەبن و بۆ کەیف و سەفا داوای چەند نۆما ماینی فۆتۆکۆپی حەرامیان بۆ بەرێبکەن .

ئەو هەموو ووزەیە کە لە ناوچە ی دەسەلاتی حکومەتە ئیسلامیە بەزۆ سەپاوەکاندا هەیە ئەگەر ئازاد بکرێ و ئەو هەموو سەروەتە لە دەست شیخ و دیکتاتۆرە تەوەزەلەکان دەربکرێت بۆ خزمەتی خەڵکی ئەم ولاتانە بەدڵنیایەوە ئەوە لە بڕی برسێتی و شەڕو تیرۆر خۆشی و

خۆشگوزەرانی باڵدەکێشێ بەسەر ئەم ناوچەناداو بیرە بۆ گەن و ڕزیوەکانیش دەچنە زبڵدانی مێژووەوە ، بۆ یە ئەرکێکی ئێجگار قورس لە سەر خەڵکی علمانی چەپی ئەم کۆمەڵگایانەیە بۆ هەڵپێچانی ئەم سیستمانەو رزگارەکی یەکجارەکی لە دەردو مەینەتی ئەم حکومەتانەو زیندان و سیاچڵەکانی ، ئەم ئەرکە قورسە بالام مومکینەو مەحاڵ نی یە !